# بانگەواز بو خوپیشاندان و هاودەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی ئێران

**بۆ پشتیوانی لە خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران  لە دژی سیاسەتی زەبروزە نگ و ئەشکەنجە و کوشت و بڕی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی کوردستان لە چەند حەوتووی رابردوودا،**

**بۆ ئێعتراز بە کوژرانی دەیان کەس و بریندار بوونی سەدان کەس و گیرانی هەزاران کەس لە کوردستان و بۆ بەرز کردنەوەی داخوازی ناساندن و موحاکمە و سزادانی بڕیاردەران و بەڕیوەبەرانی ئەم جینایەتانە و بۆ لابردنی حکوومەتی نیزامی و ئازادکردنی زیندانییە  سیاسییەکان و گیراوەکانی چەند حەوتووی رابردوو، بانگەوازی هەموو کوردان و ئێرانییەکانی نیشتەجێی ئورووپا و هەموو ئینسان و رێکخراوێکی ئازادیخواز دەکەین لە خۆپیشاندانی رۆژی 19ی ئاگوست 2005دا بە گەرمی بەشداری بکەن سەعات 11 لە شاری بروکسێل لە بەر پارلمانی ئورووپا بەڕێوە دەچێ.**

**کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ئورووپا**

**کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ئورووپا**

10ی ئاگۆستی 2005